# ئێمەی ژنان

سەرچاوە
Edith Sodergran
Samlade Dikter
(Schildts Forlags A B)
Omslag Jukka Alato
Fingraf A B Sodertalje 1997

ناوی کتێب: ئێمەی ژنان

نووسینی: ئێدیس سوێدێرگران

وەرگێڕانی: عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم

بابەت: شیعر

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن : ٣٩ ی ٢٠٠٨

چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

# ئێمەی ژنان

هەڵبژاردەیەک لە شیعری ژنە شاعیری سویدی

ئێدیس سوێدێرگران

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم

سلێمانی ٢٠٠٨

**زنجیره کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی گیرفانی ژمارە (٩٢)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**



ئێدیس سوێدێرگران



ئېدىس سوئېدېرگران

# پێرست

| | |
|---|---|
| کورتەیەك لە ژیانی ژنە شاعیری سـویدی | |
| ئێدیس سوێدێرگران | ١١ |
| پایز | ١٧ |
| سێ خوشك | ١٨ |
| دوو شیعری کەنار دەریا | ١٩ |
| شەوی ئەستێرەدار | ٢٢ |
| ئێمەی ژنان | ٢٤ |
| درك پێکردن | ٢٦ |
| ڕۆژان هەوا ڕوو لە ساردی دەکات | ٢٧ |
| ژنی سەردەم | ٣٠ |
| دەریاچەی دارستان | ٣٢ |
| سبەینێ چی لە خۆگرتووە؟ | ٣٣ |
| لە جەنگەڵە چڕەکاندا | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| عیشق | ٣٦ |
| درەختێکم بینی | ٣٨ |
| ڕۆحی من | ٣٩ |
| هیچ | ٤١ |
| ڕەش یان سپی | ٤٣ |
| ڕووە و هەرچوار با | ٤٤ |
| دۆزەخ | ٤٦ |
| سترانێك بۆ سێ گۆڕەکە | ٤٨ |
| ڕووناکییەك لە پەنجەرەکە دایە | ٥٠ |

## کورتەیەك لە ژیانی ژنە شاعیری سویدی
## ئێدیس سوێدێرگران

ئێدیس سوێدێرگران لە خێزانێکی فینلەندی سویدی لە شاری سانت بیترسبۆرگ لە ڕووسیا لە ساڵی (١٨٩٢) ز لە دایك بووە، هەر لەوێشدا و لە ساڵانی (١٩٠٢–١٩٠٨) ژیانی سەرەتایی خوێندنی لە خوێندنگەیەکی تایبەتی ئەڵمانی تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٠٧) دا باوکی بە نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کردووە، دوا بە دوای ساڵێك خۆشی تووشی هەمان نەخۆشی بوو و هەر لە بەرئەو هۆیەش بوو ڕووی لە فینلەندا کرد و دواتریش سویسرا بە نیازی چارەسەرکردن و هەروەها لەبەر ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕووسیا بیترسبۆرگیان بەجێهێشت.

لــه ســالآنی (١٩٠٩-١٩١٤) ســوێدێرگران لــه نەخۆشخانەی تایبەت بە سیلداران کەوت، هەر ئـەو کەش و بارودۆخـەی ئـەوێی کـه تێیـدا دەژیا دیـدو هەڵوێستی کۆسمۆپۆلیتیکی لا بەهێزکرد. لـه سـاڵی (١٩١٤) به دواوه لەگەڵ دایکیـدا و لـه زێـدی خـۆی ژیانی گۆشەگیری و تەنیاییان بردەسەر تا له سـاڵی (١٩٢٣) دا به جوانەمەرگی سەری نایەوە.

ســوێدێرگران یەکێکــه لــەو شــاعیرانەی کــه بەڕاســتی شــوێن پەنجــەی لــه شــیعری نوێخــوازی ســویدیدا دیــارە، بگــرە بــه یــەکێ لــه شــاعیرە ناودارەکــانی وڵاتــانی ئەســکەندنافیا و ئــەوروپای باکور دەژمێردرێت کـه بـه هـەردووزمانی سـویدی و فینلەنــدی شــیعری نووســیوە. کــارتێکردنێکی گـەورەی بەسـەر شـیعری هاوچـەرخی سـویدییەوە هەیە و یەکێکه له کۆڵەکەکانی شعری تازەگـەری و مۆدێرنیزم به تایبەت دوای مردنی شاعیری گەورەی ئەو ڕێچکەیە(گوستاف فرودینگ) که بـه بنیاتنـەری

بنـــەمای مـــۆدێرنیزمی ئیـــستاتیکی دادەنرێـــت لـــە شیعری سویدیدا.

ژیانی نائاسایی و پـڕ لـە نەهامـەتی و نەخۆشـی شـــاعیر ڕەنگـــی لـــە شـــیعرەکانی داوەتـــەوە، هەربۆیـــەش مـــەرگ و خـــەم و دڵتـــەنگی و پـــایز پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی گرتۆتەوە.

سەرەڕای نائومێدی شاعیر لـە ئاینـدەی ژیـان و تەندروستی خۆی، بەڵام هەمیـشە عیـشق دینـەمۆی گەشـــبینی شـــاعیربووە و هیـــوای بـــە خەونـــە پەڵکەزێڕینـــەکانی بـــەرز بـــووە، شـــیعرەکانی ســـوێدێرگران هـــەم ڕۆمانـــسین بـــە تاموچـــێژێکی تایبەتەوە و هەم داهێنـەرو تازەگەریانـەن لـە ڕووی وێنـەو دارشـتنی زمـان و ڕووکردنـە خـودی خـۆ و موناجـاتی خـواو دنیاکـەی کـە... ســوێدێرگران تەمەنێکی ئێجگار کورتی بردەسەر و سەرەڕای ئـەو ماوەکورتـەی ژیـانی تـوانی پێـنج کۆمەڵـە شـیعر بڵاوبکاتەوە کە ئەمانەی خوارەوەن...

١ـ هۆنراوەکان ١٩١٦

٢ـ سازی سیپتەمبەر ١٩١٨

٣ـ میحرابی گوڵەباخ ١٩١٩

٤ـ سێبەری ئایندە ١٩٢٠

٥ـ سەرزەمینێك كە بوونی نییە ١٩٢٥

شیعرەكانی سوێدێرگران تا ئێستا بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون و دەیەها كتێب و لێكۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە كە بە بایەخەوە باسی لێوەدەكەن و بە باشی ناوزەدی دەكەن و هەڵیدەسەنگێنن.

# شیعرەکان

# پایز

درەختە ڕووتەڵەکان
دەوروبەری ماڵەکەتی لە باوەش گرتوون
جڵەوی بۆ کەش و ئاسمانی بێکۆتایی بەرداون
درەختە ڕووتەڵەکان
تا قەراخی دەریا شۆڕبوونەوە
خۆیان ئاوێنەنما لە ئاوەکەدا دەبیننەوە
مناڵێك هێشتا لە دووکەڵی خۆڵەمێشیی پایزدا
یاری دەکات
کچێکی گوڵ بەدەستیش دەڕواو،
لە حەلحەلەی ئاسماندا
باڵندە زیوینەکان بەرز دەفڕن...

## سێ خوشک

خوشکی یەکەم شلیکە کێوییە شیرینەکانی
خۆشدەویست
خوشکی دووەم گوڵە سوورەکانی خۆشدەویست
خوشکی سێهەم تاجە گوڵینەی مردووەکانی
خۆشدەویست
خوشکی یەکەم شووی کرد
دەڵێن کە بەختەوەربوو
خوشکی دووەم عیشقی گیان بە گیانی کرد
دەڵێن کە ئەو بەدبەخت بوو
خوشکی سێهەم بوو بە ڕەبەنێك
دەڵێن کە تاجی ژیانی جاویدانە دەباتەوە...

# دوو شیعری کەناره دەریا

(١)

ژیانی من

چون تاشه بەردە خۆڵەمێشییەکان

ڕووت و قووتە

ژیانی من

وەك لوتکە سپییەکان

سارد و سڕە

بەڵام لاوێتیم

بە ڕوومەتی گڕگرتووەوە

هاواری کرد

خۆر هەردێت..!

خۆریش هات و

من بە درێژایی ئەو ڕۆژە درێژە
بە ڕووتی لەسەر تاوێرە بەردە
خۆڵەمێشییەکاندا
ڕاکشام
شنەی بایەکی سارد لە دەریای
سوورەوە هەڵی کرد
خۆر ئاوابوو..

(٢)

لەشی سپی تۆ
لە نێو بەردە خۆڵەمێشییەکاندا
ڕادەکشێ و
خەمی ئەو ڕۆژانەی دەبێ
کە دێن و دەڕۆن..
ئەو حیکایەتانەی کە بە منداڵی
گوێت لێ بوون

له نێودڵتدا دەگرین

بێ دەنگی بێ زرنگانەوە

تەنیایی بێ ئاوێنە

هەوا لە نێوان گشت درزەکاندا

شین هەڵدەگەڕێ...

# شەوی پڕ لە ئەستێرە

ڕەنجی بێ هوودە
چاوەڕوانی بێ هوودە
دونیا هەر وەك پێکەنینی تۆ
بەتاڵە
ئەستێرەکان دەچۆڕێن
شەوی سارد و دڵگیر
عیشق خەو بەئەبەدییەوە
دەبینێ...
ترسی بێ هوودە
ئازاری بێ هوودە

دونیا لە هیچ بچووکترە

ئەڵقەی نەمری

لە پەنجەی عیشقدا خزا

بەرە و خوار بۆ قوڵایی

## ئێمەی ژنان

ئێمەی ژنان
لەم زەمینە گەنم ڕەنگەوە
پتر نزیکین
ئێمە لە کوکوختی دەپرسین
کە ئەو چی لە بەهاردەویٚ
ئێمە مەچەکمان بەدەوری درەختی
کاژە ڕووتەڵەکاندا بازنەداوە
ئێمە لە ئاوابوونی خۆردا
بە دوای نیشانە و پەندا دەگەڕێین...
من جارێك
پیاوێکم خۆش دەویست

باوەڕی بە هیچ نەبوو

ئەو لە ڕۆژێکی سارد و

بە نیگایەکی خاڵیەوە هات

فەرامۆشی بە نێوچەوانیەوە

دیاربوو

گەر کۆرپەکەم نەژیا ئەوا لەوەوەیە...

## درك پێكردن

عیشقی تۆ
ئەستێرەی من تاریك دەكا
مانگ لە ژیانمدا هەڵدێت
دەستی من
لە دەستی تۆدا جێی نابێتەوە
دەستی تۆ هەوەسە
دەستی من تاسە

## ڕۆژان هەوا ڕوو لە ساردی دەکا

(١)

ڕۆژان دەمە و ئێوارە

هەوا ساردتر دەبێ

لە دەستی من تۆ گەرمایی بنۆشە

دەستی من چون بەهار هەمان خوێنی هەیە

دەستی من بگرە

تاسەی شانی لاوازم بگرە

ئای چ سەیرێك دەبوو

گەر تەنها یەك شەو

شەوێك چون ئەمشەو

هەستم بە قورسایی سەری تۆ بکردایە

لەسەر سنگم

(٢)

تۆ گوڵی سووری عیشقت

خستە ئاوێزانی سپیی منەوە

گوڵی سووری عیشقت

کە هەر زوو ژاکاو دەبێ

بە دەستی گڕگرتووم توند دەگرم

ئای تۆ.. فەرمانڕەوا

بە نیگایەکی سارد

ئەو تاجەی کە خستەسەر سەرم

من پێی ڕازیم

(٣)

ئەمڕۆ بۆ جاری یەکەم

گەورەی خۆمم بینی

بە لەرزۆکەوە... دەست بەجێ ناسیمەوە

هەر ئێستا من... هەست بە دەستی سەنگینی

ئەودەکەم

بەسەر باسکی ساکارمدا
کوا پێکەنینی لەرین ئامێزی پاکیزانەم..؟
ئازادی سەر بڵندی ژنانەم کوا..؟
هەر ئێستا من
هەست بە چنگی پتەوی ئەو دەکەم
بەسەر لاشەی لەرزۆکمدا
هەر ئێستا من
گوێم لە سەدای سەختی حەقیقەتە
ڕووە و خەونە ناسکەکانم دەبێتەوە...
(٤)
تۆ بە دوای گوڵدا دەگەڕایت و
میوەت بەرکەوت
تۆ بە دوای کانیدا دەگەڕایت و
دەریات بەرکەوت
تۆ بە دوای ژنێکدا دەگەڕایت و
ڕۆحێکت بەرکەوت
تۆ نا ئومێد بووی...

## ژنی سەردەم

من ژن نیم
گیاندارێکم.. نێر و مێم
من منداڵم، شازادەم
بڕیارێکی دلێرانەم
من تروسکەیەکی پێکە نیناوی خۆرێکی
خوماریم
من تۆڕێکم بۆ گشت ماسییە چڵێسەکان
من نۆشێکم بۆ سەروەری
گشت ژنان
من هەنگاوێکم بەرەو ڕێکەوت و وێرانی
من بازدانێکم بەسەر ئازادی و سەربەخۆبوون
من چرپەی خوێنم بە گوێی پیاواندا

من مووچڕکەی ڕۆحم

تاسە و ناڕازی لەشم

من ڕێنیشاندەرم بۆ بە هەشتی نوێ

من کڵپەیەکم گەڕیان و بەجۆش

من ئاوی قووڵم

سەرکێش تا ئەژنۆ

من ئاگر و ئاوم

سەرڕاستانە،

ئازادانە، گرێدراو

## دەریاچەی دارستان

تەنها بووم
لە کەناری خۆرەتاویی
لای دەریاچەی شین باوی دارستان
لە ئاسماندا
پەڵە هەورێك دەکشا
لە ئاویشدا تاقە دورگەیەك
شیرینی میوە گەییوەکانی تاوسان
دانە مرواری ئاسا
لە هەر درەختێکدا
دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕا
لە دڵی کراوەی منیشدا
تنۆکێکی ورد دەهاتە خوارێ

## سبه ینێ چی له خۆگرتووه...؟

سبەینێ چی پێ ئەبێ..؟
لەوانەیە تۆ ئیتر لەگەڵمدانەبی
لەوانەیە باوەشێکی کە و دیدارێکی کە و هەمان
ئازار
گەرەکمە من وازت لێبێنم
بەو بڕوایەی کە کەسانێکی تر نازانن کە من:
دیسان بۆ لات دەگەڕێمەوە... وەك چۆن
لەتێکبم لە ئازارەکانی خۆت
دیسان بۆ لات دێمەوە... لە ئاسمانێکی کەوە و
بە بڕیارێکی تر
دیسان بۆ لات دێمەوە... لە ئەستێرەیەکی
ترەوە و بە هەمان نیگاوە

دیسان بۆ لات دێمەوە... بە هەمان تاسەی
کۆنمەوە و لە شێوەیەکی تازەدا
دیسان بۆ لات دێمەوە... سەیر... تووڕەو...
ئەمەکدار
بە هەنگاوی ئاژەڵە کێوی لە دوورە دەستی
زێدی بیابانی دڵت
تۆ... بێ دەسەڵات.. سەخت.. بە من
دەجەنگی
ڕێك وەك كەسێك بچێ بە گژ چارەنووسیدا
بە گژ بەختیدا
بە گژ ئەستێرەیدا
من دەخوازم لێو بەخەندە
دەزووی ئاوریشمی بە دەوری ئەنگوستمدا
بئاڵێنم
گلۆڵەی وردی چارەنووست
لە لۆچی کراسەکەمدا بشارمەوە...

## له جەنگەڵە چڕەکاندا

له جەنگەڵە چڕەکاندا
دێر زەمانێك وێڵ دەڕۆیشتم..
بە دوای ئەو حیکایەتانەدا دەگەڕام
کە بە منداڵی گوێم لێ بووبوون..
لە شاخە سەرکەشەکاندا
دێرزەمانێك وێڵ دەڕۆیشتم..
بە دوای ئەو کۆشکە پڕ لە خەونەدا دەگەڕام
کە گەنجێتیم بنیاتی نابوو
لە باخچەی دڵدارەکەمدا سەرگەردان دەگەڕام
کوکوختی شادیی لێ نیشتبوو
تاسەی منیش شوێن پێی کەوت..

## عیشق

ڕۆحی من کراسێکی ڕەنگ شین باوی ئاسمانی

بوو

لەسەر تاوێرە بەردێکی قەراخ دەریا بەجێم

هێشت و

بە ڕووتی چون ژنێك بۆ لات هاتم..

هەر ژن ئاسا لەسەر مێزەکەت دانیشتم

جامێك شەرابم نۆشی...

بەرامی گوڵانم هەڵمژی..

تۆ بۆت دەرکەوت کە چەند

جوانم

ڕێك وەك ئەوەی لە خەونە کانتا بینیبووت

من هەمووشتێکم بیرچووەوە

منالّیم و زێدم فەرامۆش کرد

تەنها ئەوەم دەزانی کە،

من گیرۆدەی دەست لە ملانەکانت بووم

تۆ بەخەندەوە ئاوێنەت بۆ ڕاگرتم

تا بنۆڕمە خۆم

بینیم.

شانەکانم ئەتووت لە تۆزکرابوون

ووردبوون... شکاو

بینیم جوانیم بێمارە

لە گوم بوون بەولاوە چی دی حەزی کەی نییە

ئاخ.. دەتۆش وا توند بە باسکت لە باوەشم

بگرە

تا ئیدی نیازمەندی هیچ شتێك نەبم..

## درەختێکم بینی

درەختێکم بینی لە هەر هەموو ئەوانی تر
گەورەتر بوو
بەرێکی پڕی دووردەستی هەڵگرتبوو
من کەڵیسایەکی گەورەی دەرگا لەسەرپشتم دی
گشت ئەوانەی لێی دەهاتنەدەر
ڕەنگ لێبڕاو و حازرە مەرگ بوون
من کچێکم بینی لێو بە بزە و ئارایشت ساز
زار بۆ بەختی خۆی هەڵدەداو
دیتم کیژە دۆڕاندی..
بازنەیەك، کە بەدەوری ئەوانەدا کێشرا
کەس بۆی نەبوو بیبەزێنێ...

## ڕۆحی من

ڕۆحی من ناتوانێ هیچ بگێڕێتەوەو
لە حەقیقەت تێ بگا..
ڕۆحی من دەتوانێ تەنها بگری و پێبکەنێ و
مەچەکەکانی خۆی بابدات
ڕۆحی من توانای بیرکەوتنەوە و بەرگری نییە
ڕۆحی من ناتوانێ شت بە هەند وەربگرێ
یان بیسەلمێنێ..
کە منداڵ بووم من، دەریام بینی، دەریاکە شین
بوو
لە گەنجێتیمدا تووشی گوڵێك بووم... گوڵەکە
سووربوو

ئێستا لە پاڵما نامۆیەك دانیشتووە

کابرایەکی ڕەنگ پەڕیوە

من ئەوەندە لێی دەترسم

کە کچە عازەبێك لە خێو دەتۆقیٚ

کاتێك سوارچاکەکە هات

کچە سوور و سپی هەڵگەڕا

کە چی من بازنەی تاریك ژێر چاوەکانمی داگرت

# هیچ

هێور بە مناڵەکەم
لە هیچ زیاتر چی تر نییە
هەمووشتێك وەك خۆت دەبینی.
دارستان و دووکەڵ و سکەی هەڵاتنە
لە شوێنێکدا دوورەپەرێز
لە وڵاتێکی کاکی بە کاکیدا
ئاسمانێکی شینتر و پەرژینێك لە گوڵ هەیە
یان دارخورمایەك و بایەکی نیمچەگەرم
هەر ئەوانە و هیچی کە...
هیچ شتێك نییە
لە بەفری سپی سەر لقی سنەوبەرەکان زیاتر بە
ولاوە

هیچ شتێك نییە لەگەڵ لێوەگەرمەكاندا ماچ
بكرێ و
لێوەكانیش سات لە دوای سات
سارد و سڕ هەڵدەگەڕێن...
وەلێ تۆ مناڵەكەم دەڵێی گوایە
دڵت بە گوڕەو بێ هوودەی ژیان لە مەرگ
بەدترە
تۆ چیت لە مردن دەوێ...؟
دەرك بە كینەدەكەی تۆ
كە وا پۆشاكی پەخش كردووە..؟
هیچ لە مردن قێزەونتر نییە بۆ كەسێك
زادەی دەستی خۆی بێ...
ئێمە دەبێ ساتە درێژخایەنەكانی ژیانی
ناساخیمان خۆش بوێ
ساڵە تەنگەكانی تاسەمان خۆش بوێ
بە قەد ساتە حەزی چاوتروكانەكانم
كاتێك بیابان گوڵ دەگرێ...

## ڕەش یان سپی

ڕووبارەکان بە ژێر پردەکاندا دەکشێن
گوڵەکان بە قەراخ شۆستەکاندا دەبریسکێنەوە
دارستانەکان وژەووژ خۆیان بۆ ئەرزەکە
دا دە نەوێنن
بۆ من چ ناگەیەنیٚ
بەرزبێت یان نزم..
ڕەش بێت یان سپی..

دواتر من ژنێکی جل سپی
لە نێوباسکی یارەکەمدا بینیوە..

## ڕووە و هەر چواربا

هیچ باڵندەیەك سەرگەردان نافڕێ بەرەو
گۆشەی کەنارگیری من..
هیچ پەڕەسێلکەیەکی ڕەش تاسەناهێنێ...
هیچ قەلە مراوییەکی سپی مزگێنی
هاتنی باهۆز نابەخشێ..
لە سێبەری تاوێرەکاندا دڕندەییم چاودێری
دەکرێ..
ئامادەو ساز بۆ باڵگرتن
بە یەك تۆزە زرە
بە شەقاوی نزیك و دوور.
کپ و دوور دەستە، جیهانی خۆشحاڵی من
من دەروازەیەکم هەیە

ڕووە و گشت چوار باکان

من دەروازەیەکی ئاڵتوونیم هەیە

ڕووە و ڕۆژهەلات...

ڕووە و ئەوینێك کە قەت نایە

من دەروازەیەکم هەیە..

بۆ ڕۆژ و.. هی کەش

بۆ دڵتەنگی

من دەروازەیەکم هەیە بۆ مردن

کە هەردەم لە سەرپشتە...

# دۆزەخ

ئای لە دۆزەخ چەند خۆشە

لە دۆزەخدا.. هیچ کەس لە مردن نادوێ..

دۆزەخ لە بەشە کرۆکی زەوی کراوە

بە گوڵی گڕگرتوو ڕازاوەتەوە

لە دۆزەخدا...

کەس یەك وشەی بە تاڵ ناڵێ

لە دۆزەخدا...

نە کە س هەیە خواردبێتیەوە و

نە کەسی خەوتووش هەیە

هیچ کەس نییە پشوو بدات

کەسیش نییە سرەوت دابنیشێ

له دۆزەخدا...

کەس نییە ئاخاوتن بکات

وەلێ هەموو هاوار دەکەن

لەوێ فرمێسک، فرمێسک نییەو

خەمیش هەمووی بێ وزەیە

له دۆزەخدا..

هیچ کەس نەخۆش ناکەوێ و

کەسیش نییە هیلاك ببێت

دۆزەخ نەگۆڕە و هەتا هەتاییە...

## سترانێك بۆ سێ گۆڕەکە

له زەردەی خۆرئاوادا
له باخی ئاورنگداردا
کیژێك گۆرانی دەوت.
له هاویندا...
سێ بنچکه گوڵ لەسەر سێ گۆڕ ڕوا
گۆڕی یەکەم.. پیاوێك تێیدا ڕاکشابوو
له خەوێکی زۆر قورسدا بوو
له دووەمدا.. ژنێك به ڕەنگ و ڕووی خەماوی
پاڵ کەوتبوو..
گوڵێکی له دەستدابوو
گۆڕی سێهەم... تارماییه گۆڕه

ئێواران فریشتەیەکی تاریکە ڕەنگ لێی

دادەنیشێ و

ئەم گۆرانییە دەچڕێ.

"لێبوردن بۆ پشتگوێ خستنە"

## ڕووناکییەك لە نێو پە نجەرەکەدایە

لە پەنجەرەکەدا.. ڕوناکییەك بەدی دەکرێ..
هێدی هێدی دادەگیرسێ و
دەڵێ کەسێك لە ژوورەوە وا مردووە
چەند کاژە درەختێك بێ دەنگ بوون
بە دەوری توولە ڕێیەك
لە گۆڕستانێکی تەماویدا
باڵندەیەك دەزیکێنێ..
کێیە وا لە ژوورەوەیە..؟!